هەشت مانگ بەسەر دەستگیرکردن و ڕفاندنی ڕۆژنامەنووس سلێمان ئەحمەد تەدەپڕێت

زیاتر لە هەشت مانگ بەسەر دەستگیرکردن و ڕفاندنی ڕۆژنامەنووس سلێمان ئەحمەد تەدەپڕێت.

ئەمە دووشەممە 244 ڕۆژە ڕۆژنامەنوس سلێمان مەحەممەد ئەحمەد لەلایەن ئاسایشی دهۆک دەستگیرکراوە، دوای 211 ڕۆژ ڕەگە بە پارێزەرەکانیدرا سەردانی بکەن لەشوێنی دەستگیرکردنی لە دهۆک.

هەواڵسازی بەشی عەرەبی ئاژانسی ڕۆژنیوز، ڕۆژنامەنووس سلێمان ئەحمەد ڕۆژی (1ـی تشرینی یەکەمی 2023)، بە سەردان و دیدار لەگەڵ بنەماڵەکەی چووبووە گەڕەکی شێخ مەقسودی شاری حەلەب لە سوریا و لەدوای گەڕانەوەی لە ڕۆژی 25ـی تشرینی یەکەمی 2023 کاتێک دەیویست لە دەروازەی فیشخابورەوە بگەڕێتەوە بە هەرێمی کوردستان بە کارەکەی لە سلێمانی، لەلایەن ئاسایشی دهۆک ڕفێندرا و دوای زیاتر لە حەوت مانگ پارێزەرانی توانیان چاویان پێی بکەوێت.

ئەو ڕۆژنامەنووسەی ڕۆژئاوای کوردستان کە لە سلێمانی کار دەکات، ماوەی هەشت مانگە لەلایەن ئاسایشی دهۆک بە تەمەتی پێیوەندی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان دەستگیرکراوە، تا ئێستاش دادگای نەکراوەو چارەنووسی نادیارە.